# سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ

# Democracy and Human Rights Development Center

# (DHRD)

## مادەی یەك : ناو :

# سەنتەری پەرەپێدانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ

**ماددەی دوو : ناونیشان:**

–-بارەگای سەرەكی سەنتەر لە شاری سلێمانی دەبێت.

–بەپێی پێویستیی چالاكییەكانی ئۆفیسی تر لە ناوچەكانی سنوری دەسەلاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكاتەوە.

**ماددەی سێ: چالاكییەكانی سەنتەر:**

–-بلاوكردنەوەی هۆشیاری یاسایی و مافی مرۆڤو دیموكراسی لەناوەندە رۆشنبیریو كۆمەلایەتییەكاندا.

–بەهێزكردنی رۆشنبیری یاسایی كارمەندانی بواری دادگەریو ئیداری.

–ئامادەكردنی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە چەسپاندنی عەدالەتی یاساو چاكسازی دەزگا دادگەرییەكانو دەزگا حكومییەكان.

**ماددەی چوار: ئامانجەكانی سەنتەر:**

–-گەشەپێدانی بنەماكانی كۆمەلگای مەدەنیو یەكسانی لە بەرامبەر یاسادا.

–دروستكردنو كاراكردنی رای گشتی بۆ گۆڕینی یاساكان بەشێوەیەك كە گونجاوبن لەگەڵ پرنسیپەكانیمافی مرۆڤ.

–چەسپاندنی بنەمای جیاكردنەوەی دەسەلاتەكاتو پاراستنی سەربەخۆیی دادگاكان.

–قەرەبوكردنەوەی قوربانیانی یاسای چەوت.

–پشتگیری كردنی ژیانی ئەوانەی یاسا مافیان ناپارێزێت.

**ماددەی پێنج: پیناسی سەنتەر:**

ریكخراوێكی نا حكومی بێ لایەنە لە رووی سیاسییەوە بڕوای تەواوی بە چەسپادنی حكومی یاساو ریزگرتنی پرنسیپەكانی مافی مرۆڤ هەیەو هەوڵ دەدات لە پێناو كۆمەڵگای مەدەنیو دروست كردنی گیانی دیموكراسیو رێزگرتنی ئیرادەی مرۆڤو چەسپاندنی عەدالەتی یاسا.

**ماددەی شەش: ئەنجومەنی سەنتەر:**

یەكەم / لە پێنج ئەندامی سەرەكی پیك دێتو بالاترین دەسەلاتە لە سەنتەردا.

دووەم / مەرجەكانی ئەندامێتی ئەنجومەن:

–-بە گەورە كەتنێكی نا سیاسی یان كەتنیكی لەكەی شەرەف حوكم نەدرابێ.

–خاوەنی كەسێتیەكی كۆمەلایەتی یان رۆشنبیری یان زانستی بیت.

–هیچ كارێك نەكات پێچەوانەی ئامانجەكانی سەنتەر بێت.

–تەمەنی لە هەژە ساڵ كەمتر نەبێت.

سێیەم/ لەدەست دانی ئەندامێی لە ئەنجومەندا:

–-مردن.

–دەست كێشانەوە بە قبوڵ كردنی، یان بە تیپەڕبوونی (Ž ) رۆژ بەسەر پیشكەش كردنی داوای دەستكێشانەوە كە بە مەرجێ بەبێ وەلامی ئەنجومەن.

–دەركردن لە حالەتی:–

أ–حوكمدانی ئەندام بە گەورە کەتنێکی نا سیاسی یان کەتنێکی لەکەی شەرەف.

ب–زیانی مادی یان مەعنەوی بە سەنتەر بگەیەنێت.

ت–ئامادە نەبوون لە دوو کۆبونەوەی یەك لە دوای یەکی ئەنجومەن بەبێ پاساوێکی رەوا.

پ–پابەند نەبوون بە پرنسیپەکانی کارکردنی سەنتەر.

**مادەی حەوت: ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن:**

–بەرپرسە لە راگرتنی پەیوەستی سەنتەر بە پەیرەوی ناوخۆ.

–بەرپرسە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی سەنتەر.

–دانانی پلانی ساڵانەو بودجەی سەنتەر.

–پەسەندکردنی ژمێریاری ساڵی پێشوو.

–دانانی نەخشەی ستراتیژی چالاکی سەنتەر.

–دامەزراندنی بەرپیوەبەرو جێگری و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن و دیاری کردنی دەرماڵەیان و قبوڵکردنی داوای دەست کێشانەوەیان و لێبوردن لە پۆستەکانیان و سزادانیان.

–بڕیاردان لە سەر کۆتایی هێنان بە ئەندامێتی ئەندامی ئەنجومەن بە پێی ناوەرۆکی ماددەی (سێیەم) لەم پەیرەوەدا.

–بڕیار دان لەسەر ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە پەیرەوی ناوخۆدا بەپێی یاسا رەچاوەکراوەکان.

**ماددەی هەشت: کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن**

–لەباری ئاسایی هەموو سێ مانگ جارێك کۆدەبێتەوە.

–لەباری نائاسایی‌دا لەسەر داوای / ی ئەندامانی ئەنجومەن کۆدەبێتەوە.

–لەسەر داوای دەستەی بەڕێوەبردن کۆبونەوەی تایبەت دەبەسترێت بۆ بڕیاردان لەسەر ناوەرۆکی داواکە.

–هەموو کۆبوونەوەکان بە ئامادەبوونی زیاتر لەنیوەی ئەندامان یاساین.

**مادەی نۆ: دەستەی بەڕێوەبردن**

یەکەم/ لە پێنج ئەندام پێك دێت بە بەڕێوەبەرو جێگرو بەرپرسی بەشەکانەوە.

دووەم/ پەیکەری بەڕێوەبردن:

–بەڕێوەبەر.

–بەرپرسی بەشی هۆشیاری و راگەیاندن.

–بەرپرسی بەشی توێژینەوە (تیۆری و مەیدانی).

–بەرپرسی بەشی کارگێڕی و دارایی.

–بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکان.

سێیەم/ مەرجەکانی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن:

–تەمەنی لە ( –) ساڵ کەمتر نەبێت.

–خاوەنی پسپۆڕی پێویست بێت بۆ بواری کارەکەی.

–بەگەورە کەتنێکی ناسیاسی یان کەتنێکی لەکەی شەرەف حوکم نەدرابێت.

–رابردوی پاك بێت و نیشتمان پەروەر بێت.

چوارەم/ ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستەی بەڕێوەبردن.

-–بەڕێوەبردنی کارو چالاکییەکانی سەنتەر بەپێی پلانو نەخشەی بڕیار لەسەر دراو.
-دەرکردنی بڕیاری کارگێڕیو ڕێنمایی بۆ:
أ–دامەزراندنی کارمەندی بەشەکانو راویـژکارو کـارگوزار، بـە لەبەرچـاو گرتنـی مـەرجی دامەزرانـدنو دیـاری کردنی دەرماڵەیان.
ب–ئاڵوگۆڕی پۆستی لێپرسراوی بەشەکان.
ج–چۆنیەتی بەڕێوەبردنی چالاکییەکان.
د–لەسەر کار لابردنی کارمەندی بەشەکانو راوێژکارانو کارگوزارو قبوڵکردنی دەستکێشانەوەیانو لێبـوردن لـە پۆستەکانیان.
ه–بانگهێشتی ئەنجومەنی سەنتەر بۆ کۆبونەوەی ئاساییو کۆبونەوەی ساڵانە.
و–پێکهێنانی لیژنەی پسپۆڕ بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان.
ز–ئامادەکردنی ژمێریاری کۆتایی ساڵی پێشو و ئامادەکردنی خەملاندنی بودجەی ساڵی داهاتوو.
پێنجەم/ مافەکانی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن:
-–وەرگرتنی دەرماڵەی مانگانە.
–مافی رادەربڕینی ئازادو رەخنەگرتن.
–مافی بەرگری لەخۆکردن لەکاتی سزاداندا.

**ماددەی دە: ئەرکو دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری دەستەی بەڕێوەبردن.**

-–سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی دەستەی بەریوەبردن.
–ئامـادەکردنی راپـۆرتی وەرزیو سـاڵانەی تایبـەت بـە چـالاکییەکانی سـەنتەرو دارایـیو بەرزکردنـەوەیان بـۆ ئەنجومەنی سەنتەر.
–جێبەجێکردنی بڕیارو ڕێنماییە کارگێڕییەکان.
–سەرپەرشتی کارو چالاکییەکانی بەشەکان.
–نوێنەری سەنتەرە لەبەردەم ئەنجومەنو دەزگاو لایەنە پەیوەندیدارەکان.
–لەکاتی مۆڵـەت یـان دەسـت لەکارکێشانەوەی یـان لابردنـی بەڕێوەبـەر، جێگرەکـەی ئـەرکو دەسـەڵاتەکانی لـە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی یانزە: بنەماکانی کارکردنی سەنتەر:**

-–پەیوەست بوون بە دیموکراسی.
–ڕێزگرتنی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ.
–ڕێزگرتنی یاسا.

**ماددەی دوانزە: پەیوەندی سەنتەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

سەنتەر پەیوەست ئەبێت بەیاسا کارپێکراوەکانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بەگشـتیو یاسـاکانی تایبـەت بەکاری رێکخراوە ناحکومییەکان بەتایبەتی.

**ماددەی سیانزە: سزا گشتییەکان:**

یەکەم/ سزا سەپێنراوەکان لە ئەنجومەنو دەستەی بەڕێوەبردن بەم شێوەیەن:
-–ئاگادارکردنەوە.

-سەرنج راكێشان.

-هەڵپەساردن.

-دەركردن.

دووەم/ هەر سزایەك لەوانەی بڕگەی یەكەم بەپێی جۆرو پلەی سەرپێچییەكە دادەنرێت.

**ماددەی چواردە:**

یەكەم/ سەرچاوەی دارایی:

--هاوكارییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

-هاوكاری رێكخراوە خێرخوازەكان.

-كۆمەك.

دووەم/ سەنتەر پەیڕەوی یاساكانی بواری ژمێرياری‌و چاودیری دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكات بە گوێرەی سیستمی ژمێریاری یەكگرتوو لە تۆماركردنی دارایی‌و دەرهێنانی ژمێریاری كۆتایی.

**ماددەی پانزە: پەیوەندی سەنتەر بە هاوكارانەوە:**

پەیوەندی سەنتەر بە هاوكارانەوە بە لەبەرچاوگرتنی بنەماكانی كاركردنی سەنتەر پشت دەبەستێت بە شێوازی پەیوەندی رێكخراوە ناحكومییەكان لە سنوری یاسادا.

**ماددەی شانزە: سەنتەر وەك كەسێكی مەعنەوی مافی موڵكدارێتی موڵكی گواستراوەو نەگواستراوەی هەیە.**

**ماددەی حەڤدە: هەڵوەشاندنەوەی سەنتەر:**

--ئەنجومەنی سەنتەر بەزۆرینەی دەنگ دەتوانێت بڕیار بدات لەسەر هەڵوەشانەوەی سەنتەرەكە لەگەڵ دیاریكردنی هۆكانی‌و ئاگاداركردنەوەی وەزارەتی پەیوەندی‌و هاوكاری.

-پاش هەڵوەشاندنەوەی سەنتەر هەموو موڵكەكانی (گواستراوە نەگواستراوە) دەدرێت بە رێكخراوێك یان دەزگایەك كە ئامانجەكانی یان بەشێك لە ئامانجەكانی نزیك بێت لە ئامانجەكانی سەنتەرەكە.

**ماددەی هەژدە: یەكگرتنی سەنتەر:**

--سەنتەر مافی یەكگرتنی هەیە لەگەڵ رێكخراوێكی ناحكومی ناوخۆ، كە ئامانجەكانی نزیك بن لە ئامانجەكانی سەنتەر.

-سەنتەر مافی بوون بە ئەندامی هەیە لە رێكخراوی تردا.

**ماددەی نۆزدە: تۆمارەكانی سەنتەر:**

یەكەم/ تۆمارەكانی ئەنجومەن:

--تۆماری كۆبونەوەكانی ئەنجومەن.

-تۆماری بڕیارو راسپاردەكانی ئەنجومەن.

-تۆماری پەسەندكردنی فایلی ژمێریاری ئەنجومەن.

دووەم/ تۆمارەكانی دەستەی بەڕێوەبردن:

--تۆماری كۆبونەوەكانی دەستە.

-تۆماری بڕیارو رێنماییە كارگێڕییەكان.

-تۆماری پرۆژەكان.

-تۆماری هاتووو رۆیشتوو.

-تۆماری ژمێریاری.

-تۆماری رۆژانەی گشتی.

سێیەم/ تۆمارەکانی ئەنجومەن لەلایەن ئەنجومەنی سەرپەرشتی دەکرێتو تۆمارەکانی دەستەی بەڕێوەبردن لەلایەن بەڕیوەبەری دەستە سەرپەرشتی دەکرێن.

**ماددەی بیست: کۆبونەوەی هاوبەش:**

یەکەم/ ئەنجومەنی سەنتەرو دەستەی بەڕێوەبردن ساڵانە جارێك یان زیاتر بەهاوبەشی کۆدەبنەوە.

دووەم/ بابەتی کۆبونەوەکانی بریتین لە:

--هەڵسەنگاندنی باری گشتی سەنتەرو نەخشەی ساڵانەی کارکردن.

-پێشنیاری دەستکاریکردنی پەیڕەوی ناوخۆ.

سێیەم/کۆبونەوە هاوبەشەکە یاساییە ئەگەر ژمارەی هەر یەك لە ئەنجومەنو یان دەستەی بەڕێوەبردن بەجیا ئەوەندە بێت کە بۆ کۆبونەوەی تایبەتی خۆیان یاسایی بێت.

چوارەم/ ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن مافی دەنگدانیان هەیە لەو بابەتانەدا کە لە دەسەڵاتی تەرخانچێتی ئەنجومەنن و دەبنە بابەتی گفتوگۆی کۆبونەوە هاوبەشەکە.

**ماددەی بیستو یەك: کۆبونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبردن:**

یەکەم/ بە بانگهێشتی بەڕێوەبەر یان بریکارەکەی لەکاتی ئامادە نەبوونی بەڕێوەبەر دەستەی بەڕێوەبردن مانگانە کۆبونەوەی ئاسایی دەبەستێت.

دووەم/ بە بانگهێشتی بەڕێوەبەر یان / ی ئەندامانی دەستە کۆبونەوەی نائاسایی دەبەسترێت.

سێیەم/کۆبونەوەکان بە ئامادەبوونی / ی ئەندامانی دەستە یاساییین.

چوارەم/ بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگ دەردەکرێن.

**ماددەی بیستو دوو: ئەحکامی گشتی:**

--خزمایەتی پلە یەكو پلە دوو لە ئەندامانی ئەنجومەنو دەستەی بەڕێوەبردندا نابێت.

-بەرپرسیارێتی هەریەك لە ئەندامانی ئەنجومەنو دەستەی کارگێڕی لە سنووری ئەو ئەرکەدایە کە کەوتوەتە ئەستۆی.